هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو وتاری دەدا

لە ئەبی ریفاعە تەمیم کوڕی ئوسەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا ئەو وتاری دەدا، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، پیاوێکی بیانی (نەناسراو) هاتووە پرسیار سەبارەت بە ئاینەکەی دەکات؛ وهیچ شتێک سەبارەت بە ئاینەکەی نازانێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لام و وازی لە وتاردان هێنا هەتاوەکو گەیشتە لام، وکورسیەکی هێنا و لەسەری دانیشت، وئەوەی خودا فێری کردووە؛ فێری منی کرد، وپاشان گەڕایەوە بۆ وتارەکەی وتەواوی کرد.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە نیشانەی سادە بوونی -متواضع بوونی- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ پیاوێک هات لەکاتێکدا ئەو وتاری دەدا، ووتی: پیاوێکی بیانی (نەناسراو) هاتووە پرسیار سەبارەت بە ئاینەکەی دەکات؛ وهیچ شتێک سەبارەت بە ئاینەکەی نازانێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای و وازی لە وتاردان هێنا، وپاشان کورسیەکی بۆ هێنرا و پیاوەکەی فێر دەکرد، چونکە ئەم پیاوە بە ئەوپەڕی خۆشەویستیەوە هات بۆ فێربوونی زانست، دەیەوێت فێری ئاینەکەی ببێت بۆئەوەی کردەوەی پێبکات؛ هەر بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتارەکەی پری وهات فێری بکات، وپاشان گەڕایەوە بۆ وتارەکەی وتەواوی کرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5656